الحمد لله وحده ، و الصلاه والسلام على من لا نبي بعده . . . .

ئەی ئەوانەی کە بە ناوی چاکەکاری و خێر کردنەوە ، غەرقی تاوانێکن پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو وتارەکانیدا باسی کردوە و فەرموویەتی : " كل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار . واتە : هەموو بیدعەیەك گومڕایی یە ، و هەموو گومڕایی یەکیش خاوەنەکەی لە ئاگری دۆزەخدایە . ئەی ئەو کەسانەی کە بەبێ تێفکرین گوێڕایەڵی کەسانێکن بەناوی ئاینەوە توشی تاوانی گەورەتان دەکەن ، ئەویش بیدعەی ( یادی لەدایك بوونی پێغەمبەرە ﷺ ) وەك دەبینرێت لەم ڕۆژەدا موسڵمانان لە مزگەوتەکاندا بۆ ئەم یادە کۆدەبنەوە ، ئەمە جگە لەو هەموو تاوان و هاوەڵ بڕیاردان و زیادەڕەوییانەی کە لە ستایش کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجام ئەدرێت . ڕەنگە بڵێیت : کارێکی وەها پڕ لەخێر و چاکە کە چەندین خێری تێدا دەکرێت بۆچی بیدعە بێت ؟! خۆ ئەمە عیبادەت نی یە !!

بێ ئاگا لەوەی کە ئەو یادکردنەوە و بەرز ڕاگرتنەی یادی پێغەمبەری خوا ﷺ ، خۆی لە خۆیدا عیبادەتە چونکە وەکو وەسیلەیەك لەبەر ڕەزامەندی خوا و لێ نزیك بوونەوەی ئەنجام دەدرێت !!! و ئەنجام دەرانی چاوەڕێی پاداشتن !!! لە کاتێکدا نە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە ، و نە پێغەمبەرەکەیشی ﷺ ، چونکە ئەم کارە بیدعەیە و هەموو بیدعەیەکیش وێڵی و سەرگەردانی و گومڕایی یە .

بۆیە برای موسڵمان : کە کارێك ئەنجام نادەیت خوا لێت ڕازی بێت ، بۆ کارێکی وا ئەنجام ئەدەی خوای پەروەردگار لێت تورە ببێت .

ڕەنگە زۆرینەی خەڵك بڵێن : فڵانە مامۆستا فەتوای داوە بەئەنجامدانی ئەم یادە !!! لێرەدا وەك شوێنکەوتەی قورئانی پیرۆز ، و سوننەت ، پێویست دەکات ڕووبکەینە ئەوکەسانەی کە ئەڵێن ئەم یادە ڕەوایە ، و پێیان بڵێین : ئایا هیچ بەڵگەیەکتان لە قورئان و فەرموودە پێ یە ؟

ئایا ووتەی هیچ زانایەکی ئاینی شارەزاتان لەو بارەیەوە پێ یە ؟

گەر پێتان نیە ڕاستی و ڕەوایی ئەم یادە چۆن و بە چی دەسەلمێنن ؟

تا منیش پێتان بڵێم کارەکەتان داهێنراوە و (بدعە) یە و پێغەمبەری خوایش ﷺ لەبارەی بیدعەوە فەرمویەتی : " من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد . واتە : هەر کەسێك شتێك دابهێنێت لەم ئاینەی ئێمەدا نەبێت ، ئەوا بەڕووی خاوەنەکەیدا ڕەت دەکرێتەوە .

بۆیە برای ئازیز : بەرلەوەی بەشداری لەم بیدعەیە بکەیت ئەوا بزانە خوای پەروەردگار و پێغەمبەری خوا ﷺ چیمان پێدەفەرموون :



خوای پەروەردگار ئەفەرمویت ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ( سورة النور : ٦٣ ) واتە : با بترسن ئەوانەی کە پێچەوانەی فەرمانی دەبنەوە ، لەوەی کە تووشی فیتنە بن یان تووشی سزایەکی توند بن .پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرموویەتی : من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو ردّ . واتە : هەر کەسێك کردەوەیەك بکات فەرمانی ئەم ئاینەی ئێمەی لە سەر نەبێت ، ئەوا بەڕووی خاوەنەکەیدا ڕەت دەکرێتەوە .

جا با بزانین خوای پەروەردگار ، و پێغەمبەرەکەی ﷺ سەبارەت بەم جۆرە یادە چیمان پێ دەڵێن ؟

وەك لەپێشدا ووترا : ئەو کەسانەی دان بەبوونی ئەم یادەدا ئەنێن و بە کارێکی شەرعی و باشی دەزانن هیچ بەڵگەیەکیان پێ نیە لە قسەی زمانی خۆیان زیاتر !!! بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوانەی کە دەڵێین : بیدعەیە چەندان بەڵگەی سەلمێنەریان پێ یە لە قورئانی پیرۆز و سوننەت سەبارەت بەوەی کەئەم کارە بیدعەیە .

## بەڵگەکان

١/ خوای پەروەردگار فەرمویەتی : ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ﴾ ( سورة المائدة : ٣ ) ، واتە : ئەمڕۆ ئاینەکەتانم تەواو بۆ کامڵ کردوون ، ونیعمەتی خۆیشم بە تەواوی بە سەرتاندا ڕشت ، و ڕازی بووم بەوەی کە ئیسلام ئاینتان بێت .

بەپێی ئەم ئایەتە بێت دینی خوا کامڵە و پێویستی بە داهێنان نی یە ، بەڵام بەگوێرەی قسەی ئەو کەسانە بێت کەئەم یادە بەباش دەزانن ، ئاین کەمووکوڕی تێدایە و ئەوان هاتوون کامڵی بکەن !!!

٢/ ئەنجامدەرانی ئەم یادە ، وەك وەسیلەیەك بۆ نزیك بوونەوە لە خوای پەروەردگار بەکاری دێنن ، وەسیلەش بۆ نزیك بوونەوە لە پەروەردگار بە عیبادەت دەژمێردرێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ ﴾ (سورة الزمر : ٣).

٣/ لەم یادەدا زیادەڕەوییەکی زۆر دەکرێت لە ستایش کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتێکدا خۆی نەهی لێکردوە ، وەك ئەفەرمویت " و لا تطروني كما أطرت النصارى عيسى بن مريم " ( الإطراء ) واتە : زیادەڕەوی کردن لە ستایش دا . لە نموونەی ئەو زیادە ڕەوییانەش لە وەسفی پێغەمبەر ﷺ دا ئەڵێن : إنَّ مِن جودكَ الدنيا وَضَرَّتَها !! ومن علومكَ عِلم اللوحِ وَالقَلَم !!



واتە: دونیا و قیامەتیش لەو کەرەمانەن کە تۆ پێمانت بەخشیوون ، وە لە زانینەکانیشت زانینی لەوحی مەحفوز !!! . زانینی ئەو پێنووسەیە کە هەموو شتێك سەبارەت بە دونیا و دوارۆژیش دەنووسێت !!!

جا موسڵمانی خوا ناس ئەم وەسفانە وەسفی خوای پەروەردگارە ، یان وەسفی پێغەمبەرەکەی ﷺ ؟

ئەوەشت لا پەنهان نیە کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ ﴾ ( سورة النمل : ٦٥ ) ، واتە : هیچ کەسێك لە ئاسمانەکان بێت یان لە زەوی ، لە غەیب و پەنهانیەکان بە ئاگا نیە جگە لە ( الله ) نەبێت .

٤/ زیادەڕەوی کردنە لە ئاین ، پێغەمبەری خوایش ﷺ ئوممەتەکەی لە زیادەڕەوی کردن ئاگادار کردۆتەوە ، هەروەك فەرموویەتی " إياكم والغلو في الدين " واتە : ئامان خۆتان بپارێزن لە زیاد ڕەویکردن لە ئاین .

٥/ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : هیچ پێغەمبەرێك لە پێش من نەهاتووە ئیللا پێویست بووە لە سەری ئوممەتەکەی ڕێنموویی بکات بۆ هەموو ئەو چاکانەی کە دەیزانێت بۆیان ، و ئاگاداریشیان بکات لە هەموو ئەو خراپانەی کە دەیزانێت بۆیان .

بۆیە گەر ئەم یادکردنەوەیە بوونێکی ڕاستەقینەی هەبوایە و خێر بوایە ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگەداری دەکردینەوە لێی و پێویستمان بە نەسیحەتی ئەو کەسانەش نەدەبوو کە درۆ بەدەم ئاینی ئیسلامەوە دەکەن .

٦/ ئەم یادە نە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجام دراوە ، و نە لە سەردەمی خەلیفەکان و نە لە سەردەمی دوای ئەوانیش ، لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەیانەوە فەرموویەتی " : باشترینی خەڵك لە ئوممەتەکەم ئەو سەدەیەیە کە من تیایدا ژیاوم ، پاشان ئەوانەی کە بە دوایاندا دێن ، پاشان ئەوانەی کە بە دوایاندا دێن .

کەسانێك بەو شێوەیە ناویان هاتبێت و یەکەم کەسانێك بن لە پەیڕەوکردنی ئاینی ئیسلام و پابەندبوونیان بە سوننەتەکانی پێغەمبەری خواوە ﷺ ، ئاخۆ بۆچی ئەم یادەیان نەکردوە ؟! خۆ لە ئێمەش زیاتر پێغەمبەری خوایان خۆش ویستوە ؟! وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەش زۆر ئاسانە ، چونکە ئەوان خۆیان لە بیدعە پاراستوە ، ئەمەش دەیسەلمێنێ کە ئەم کارە بیدعەیە ، و لە ئایندا بونی نیە ، نە لە قورئانی پیرۆز ، و نە لە فەرموودە ڕاستەکانیش . بەڵکو مێژووی داهێنانەکەی وەك ڕۆژی ڕون دیارە ، و

دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی دوای سەدەی چوارەمی کۆچی ، ئەویش لە لایەن ( فاطمي ) یە شیعەکانەوە داهێنراوە ، بۆیە کردەوەیەك نە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی دابێت و نە فەرمانی پێکردبێت ، ئەوا بیدعەیە هەروەك پێشەوا ( مالك ) فەرموویەتی : ئەوەی کە لەو سەردەمەدا ئاین نەبوبێت ، ئەوا ئەمڕۆ نابێتە ئاین .

٧/ باس کردن و بڵاو کردنەوەی فەرموودەی هەڵبەستراو و درۆ بە ناو پێغەمبەری خوا ﷺ ، و خوای پەروەردگارەوە لە وتارەکانیاندا وەك : " لولاك ، لولاك ما خلقت الأفلاك " ( حديث موضوع : انظر السلسلة الضعيفة والموضوعة ) واتە : ئەگەر لە بەر خاتری تۆ نەبوایە ئەفلاکەکانم درووست نەدەکرد !!! لە کاتێك دا خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ ( الذاريات : ٥٦ ) واتە : جنۆکە ومرۆڤیشم لە بەر یەکتا پەرستی خۆم دروست کردوون .

٨/ سازکردنی ئەم بۆنەیە ، خۆشوبهاندنە بەکافر وخاچ پەرستان ، چونکە ئەوان هەموو سەرساڵێك یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر عیسی ـ علیه السلام ـ دەکەنەوە و لەو ڕۆژەدا چەندەها کاری ناشەرعی ئەنجام ئەدەن . پێغەمبەری خوایش ﷺ لە خۆ شوبهاندن ئاگاداری کردووینەتەوە لەم فەرموودەیەدا : " من تشبه بقوم فهو منهم ، واتە : هەر کەسێك خۆی بشوبهێنێت بە گەڵێك ئەوا ئەویش لەوانە .

٩/ بە گوێرەی قسەی بیدعە چی و بیدعە خوازان بێت ، ئەم یادە جەژنە بەڵام بە گوێرەی فەرمودەی پێغەمبەری خوایش بێت ﷺ ، موسڵمانان تەنها دوو جەژنیان هەیە ئەویش جەژنی ڕەمەزان و قوربانە ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " ... قد أبدلكم الله بهما خيرا منهما يوم الفطر ويوم الأضحى "بۆیە برای ئازیزم : زۆرجار ئەو خەڵکانە کە هیچیان بە دەستەوە نامێنی ئەڵێن : با بیدعەش بێت ئێمە هەر ئەنجامی ئەدین !!! بۆیە بە ناوی(بیدعە حەسنە!!) دوە خەڵکی فریو ئەدەن ، ئامان سەد ئامان بەو قسە پوچە فریوت نەدەن، چونکە بیدعە هەر بیدعەیە و چاکی تیادا نیە .

هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : هەموو بیدعەیەك گومڕایی یە ، و هەموو گومڕاییەکیش خاوەنەکەی لە ئاگری دۆزەخدایە .

هەروەها ( عبدالله ) ی کوڕی ( عمر ) رضي الله عنه فەرموویەتی : هەموو بیدعەیەك گومڕایی یە با خەڵکیش بە باشی بزانن .

هەروەها پێشەوا مالك فەرمویەتی : (هەرکەسێك لە ئیسلامدا داهێنراوێك



دابهێنێت و بە باشی بزانێت ئەوا ئەو کەسە پێی وایە کە پێغەمبەر ﷺ خیانەتی کردوە لە گەیاندنی پەیامەکەی چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : { الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ } هەر بۆیە ئەوەی کە لەو سەردەمەدا ئاین نەبوبێت ، ئەوا ئەمڕۆ نابێتە ئاین)

برای بەڕێز : سەدان و هەزاران ڕێگە و شێوازی ترمان هەیە بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەمان ﷺ ، وەك : صەڵاوات دات لە سەری ، بە تایبەت لە ڕۆژانی هەینی ، و دوای بانگەکان ، و لە کاتی ناوهێنانی ئەو نازدارەدا ، یان زیندوکردنەوەی سوننەتەکانی ، و شوێن کەوتنی .

هەروەك زانای پایە بەرزی ئیسلام ( ابن تيمية) فەرموویەتی: تەواوی خۆشەویستی و بەرز ڕاگرتن بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ لە شوێن کەوتن و گوێ ڕایەڵی کردنی دایە لەگەڵ جێبەجێ کردنی فرمانەکانی و زیندوو کردنەوەی سوننەتەکانی و بڵاو کردنەوەی ئەوەی پێی هاتوە لە ئاین و تێکۆشان لە پێناویدا بە دڵ و دەست و زمان ، وە ئەمەیە ڕێگای پێشینە یەکەمەکان لە کۆچ بەران و پشتیوانان و ئەوانەی بێ چاکە شوێنیان کەوتوون )

بۆیە برای موسڵمان ئەمانە هەموو بەڵگە بوون سەبارەت بە سەڵماندنی ئەوەی کە ئەم کردار و یاد و بۆنەیە بیدعەیە و هیچ بنەوایەکی لە ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا نیە ، دەبا ئەوانەش کە ئەم یادە بە شەرعی دەزانن ، گەر ڕاست دەکەن با بە تەنها بەڵگەیەکی قورئانی پیرۆز یان سوننەت وتەکەیان بسەلمێنن ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾ (سورة البقرة : ١١١).کۆتایی ووتەشمان وتەی دوو هاوەڵی بەڕێز دەبێت ، (عبدالله) ی کوڕی (مسعود) رضي الله عنه فەرموویەتی : " شوێنی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەون ، و شت دامەهێنن ( واتە : بیدعە مەکەن ) ، چونکە سوننەت بەستانە ، و هەموو شتێکی داهێنراویش بیدعەیە "

وە فەرموویەتی : " بە گوێرەی توانای خۆت پەرستن بکەیت ، بەڵام لە سەر سوننەت بیت ، باشترە لەوەی کە هەوڵێکی زۆر بدەیت لە بیدعەدا "

هەروەها حُذَيفة بن اليمان رضي الله عنه فەرموویەتی : هەر جۆرە عیبادەت و پەرستنێك هاوەڵانی محمد ﷺ نەیان کردبێت ئەوا ئێوەش مەیکەن ، وە دەست بە ڕێباز و ئاینی پێشینانەوە بگرن ، چونکە ئەوانەی پێشین هیچیان بۆ دوای خۆیان نەهێشتووە باسیان نەکردبێت .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ



# ئاهەنگ و یادی مەولودی پێغەمبەر ﷺ بیدعەیە نەك زادەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ

ئامادەکردنی

هاوارعبدالله

www.ba8.org